## ئایدزو سواڵکەری سلێمانی. ئەرکی حکومەتی کوردستان... بەشی دووەم ... ستار عەبدول

سویسرا
siepann@swissonline. ch



بە پێویستم زانی سەرەتا ئەم نەخۆشی یە بناسێنم. بە زمانی کوردی بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان. دواتر باس لە تەرکەکانی حکومەت بکەم. لە دژی ئەم نەخۆشی یە. وە هەر وەها باس لە ڕێگاچارەی هەردوو دیاردەی ئایدزو سواڵکەرەکان بکەم.

### ئایدز چی یە و کەی پەیدا بووە؟

ئایدز کورتکراوەی Acquired Immuno Deficiency Syndrome کە بە هۆی ڤایرۆسێکەوە تووشی مرۆڤ دەبێت بە بە ناوی ئێچ ئای ڤی HIV Human Immunodeficiency Virus. ئەم ڤایرۆسە هێرش دەکاتە سەر خانەکانی بەرگری لەش لە دژی نەخۆشی یەکان. بەم پێ یە. مرۆڤی تووشبوو بەرگری بۆ نەخۆشی نامێنێ.
سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە لێکۆلەرەوەکان. لە ساڵی ١٩٥٩ گرنگی یان بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشی یە داوە. بەلاَم لە ساڵی ١٩٨١ لە ئەمریکا بۆ یەکەم جار ئەم نەخۆشی یە دەستنیشان کرا. پاشان لە ووڵاتەکانی تر گرنگی پێدرا.
ئەم ڤارۆسە HIV لە کوێ هاتووە کەی؟




لە ئەفریقا جۆرە مەیمونەک هەیە کە ڤارۆسێکی هاوشێوەی HIV هەیە. SIV (Simian Immunodeficiency Virus) . وا مەزەندە دەکرێ کە لە ساڵی ١٩٣٠ وە ئەم ڤایرۆسە گوازرابێتەوە بۆ مرۆڤ. وە لە ساڵەکانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ دا یەکەم ڤایرۆس دەستنیشانکرا HIV 1 ماوەیەک پاشتر HIV 2 دۆزرایەوە. ئەم ڤایرۆسە کە تووشی مرۆڤ دەبێت. دەبێتە هۆی نەخۆشی بێهێزبوون و نەمانی بەگری لە لەشی مرۆڤدا.
کاری ئەم ڤایرۆسە. وا دەکات کە ئەو بەکتریاو ڤایرۆسانەی کە بەر لە تووشبوونی HIV هیچ زیانێکیان نەبوو بۆ لەشی مرۆڤ. ببنە هۆی نەخۆشی گەورە و ترسناک. بە کورتی لەشی مرۆڤ بەرگری هیچ نەخۆشی یەکی نامێنێ. سادەترین نەخۆشی ڕەنگە بەرەو مردنی ببات.
ئەم ڤایرۆسە چۆن دەگوازرێتەوە. یان بلاَو دەبێتەوە؟
ئەم ڤایرۆسە کە تووشی مرۆڤ دەبێت لە شلەکانی لەشی مرۆڤ دە دەژیت بە تایبەتی لەم شوێنانە:
هەیە لە دەگوازرێتەوە بە هۆی

1.خوێن خوێن
2.سپێرمای پیاو سپێرمای پیاو
3.لینجاوی ئالووشی ژن لینجاوی ئالووشی ژن
4.لیکاو
5.ئارەقە

6.فرمێسک

7.میز

بۆ بەختەوەری مرۆڤ ئەم ڤایرۆسە. زۆر بە ئاسانی ناتوانی لە یەکێک بۆ یەکێکی تر بگوازرێتەوە وە هەموو ڕێکاکانی گواستنەوە چارەسەرو خۆپاراستنی هەیە.

ئەو هەلس وکەوتانەی کە کە هیچ مەترسی یەکیان نیە لە گەڵ یەکێکی تووشبوو:

1.تەوقە و دەست لە مل کردن و ماچ کردن

2.کۆخەو پژمین

3.بەکارهێنانی هەمان قاپ و شمەک و پەرداخ

4.بەکارهێنانی هەمان ئاودەست و حەمام

5.پێکەوە ژیان و کارکردن لە گەڵ تووشبووان

6.بەخێو کردن و چاودێری کردنی تووشبوو

گەڵێک لێکۆلینەوە کراوە لەسەر ئەو کەسانەی کە لەگەڵ تووشبوویەکی ئایدز لە پەیوەندی زۆر نزیک دەژین. بەلام تا ئێستا حالەتێک ڕووی نەداوە کە لە کاتی ئەم پەیوەندیانەی سەرەوە بووبێتە هۆی تووشبوون.

ئەم وێنانەی خوارەوە ئەو پەیوەندیانە دەردەخەن کە نابێتە هۆی تووشبوون بەم نەخۆشی یە لەگەل یەکێکی تووشبوودا



ئەو ڕێگایانەی کە لە پەیوەندی دا لەگەڵ یەکێکی تووشبوودا ئەم ڤایرۆسە دەگوازرێتەوە:

1.پەیوەندی سێکسی بە هەموو شێوەکانیەوە لە گەڵ یەکێکی هەڵگری ئەم ڤایرسە. لە کاتی بەکارنەهێنانی کەل و پەلی خۆپاراستن وەک (واقیە) لە کاتی بەکارهینانی ئەمەدا شەنسی تووشبوون زۆر کەمە وە تا ئێستا تاکە چارەسەرە.

2.بە ڕێگای خوێن. جا بە هەر شێوەیەک بێت کە ئەم خوێنە ڕاستەوخۆ لە گەڵ خوێنێکی تردا وەک و خوێن بەخشین و دەرزی بەکارهێنان و کەل و پەلەکانی کوتان و نەخش و هتد.
3.شیردان بە منداڵ.
لە بەشی داهاتوودا باس لە نێشانەکانی تووشبوون و پشکنین و چارەسەر دەکەم.

بۆ بەشی یەکەم

http://www.kurdistannet.org/7-2005/1-7/aidz.pdf